# دەسەلاتەکەی تاڵەبانی لەکوردستان و لەعێراق بەتەقە وەلامی خۆپیشاندەران دەدەنەوە!



نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

ئەمرۆ شاری سەماوە بۆ جاریکی تر بوە ناوەندی خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەرووی گەندەلی ئیداری و خراپی خزمەتگوزاریەکان، خۆپیشاندانێکی گەورە کەزیاتر لە 1000 هەزار کەس بەشداری تیدا کرد بەدانی شیعارو دروشم بەدژی سیاسەتی بێمەسئولانەی دەولەتە کاتیەکەی نوینەری ئەمریکا بەرامبەر بەخەلك و خواستی لابردنی دەستبەجێی پاریزگاری شاری سەماوە، لەبەرامبەر ئەو خۆپیشاندانە نارەزایەتیەی خەلکدا بۆ باشتر کردنی هەلومەرجی ئەم شارەو نەهیشتنی گەندەلی ئیداری لەدزی و جەردەیی ئیدارەی دەولەت و بیکاری لەم شارەدا، هیزەکانی پۆلیسی دەسەلاتەکەی جەلال تاڵەبانی و جەعفەری بەتەقە وەلامی خۆپیشاندەران دەدەنەوە لەئاکامدا ژمارەیەك لەخۆپیشاندەران دەکوژریت و هەروەها بەدەیان کەس بریندار دەبیت، ئەمە لەکاتیکدایە کەدەسەلاتداریتی جەلال تالەبانی لەکوردستانیشدا وەلامی خواستەکانی خەلك و خۆپیشاندانەکان بەتەقە دەدەنەوە و تەنیا یەك رۆژ پیشتر واتە دوینێ 6-8-2005 لەکوردستان و لەشاری سلیمانی لەکاتیکدا خەلکانیك بۆ پیشتیوانی لەخەلکی شارەکانی کوردستانی ئیران و بەدژی کوشتنی وەحشیانەی شوانە قادری لەشاری مهاباد لەلایەن هیزەکانی جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە، خۆپیشاندانیان ریکخستبوو، ئاسایشی یەکیتی بەتەقە وەلامیان دەدەنەوە، کەماوەیەك پیشتریش لەبەرامبەر خواستی شوفیرەکان لەشاری سلیمانی بەهەمان شیوە بەتەقە وەلامیان دەدەنەوەو ژمارەیەکیان لیدەستگیر دەکەن و تائیستاش لەزیندانەکانی یەکیتی نیشتمانی کورستاندا ماونەتەوە.

هاوکات حکومەتە هاوبەش و بەتەوافق دروستکراوەکەی جەلال تالەبانی و ئیبراهیم جەعفەری بەدریژایی دوو سالی رابردوو لەبەرامبەر خواست و داواکاریەکانی خەلك و نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی بەدژی گەندەلی ئیداری لە عیراق و کوردستاندا تا سەر ئیسقانی خەلکی بردوە، هەمیشە بەتەقەو توندو تیژی وەلام دراوەتەوە، لەکاتیکدا رۆژی 28-6-2005 خەلکی بیکاری ناوچەی سەماوەو بەمشخصی ناوچەی موسەنا، کەبۆ داواکاری پەیدا کردنی کار خۆپیشاندان دەکەن بەچەك وەلامیان دەدریتەوەو تەقەیان لیدەکریت و لیاندەکوژریت و بریندار دەکرین...

دەسەلاتەکانی ئەحزابی کوردی بەمشخصی لەکوردستاندا لە پانزە سالی رابردودا لەبەرامبەر خواست و داواکاری و خۆپیشاندانی خەلکی کوردستاندا بەو شیوەیە رەفتاریان کردوە، یان ئەوەیە ساوایی حکومەت و پەرلەمانەکەیان دەرخواردی خەلك داوە، یان بەبونی هیزەکانی صدام لەودویو سنورەکانی کوردستانەوە ترسیان لەدلی خەلکدا

دروست کردووه خۆلیان کردۆته چاوی خەلکەوە، یان بەچەك و چاوترساندن و کوشتن وەلامی خەلکیان داوەتەوە، ئەوەبوو وەلامی خواستی خەلکی خانوە بیتاپۆکانیان بەچەك دایەوەو بکر عەلیان تیرۆرکرد، ئەوەبوو لەژیر خواست و داواکاری رژیمەکەی صدام و جمهوری ئیسلامیدا مەلەفیکیان بۆ حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دروستکرد، کەئەم حزبە دیفاع لەیەکسانی ژن و پیا و و جیابونەوەی کوردستان دەکات، کەئەمانەیش نەجمهوری ئیسلامی ئیران و نە رژیمی بەعس قبولیان نیەو نیگەرانن لەیەکیتی نیشتمانی، بۆیە ویستیان حزبی کۆمۆنیستی کریکاری بدەنە دادگا کە یەکیتی لەسەر ئەمە رەزیل بوو، پاشان مەلەفی دەرکردنی هیزو بارەگای حزبەکانیان لەناوشارەکان دروستکرد بۆ لیدان لەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری و ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پاریزگاری ژنان و منالان و ئەوەبوو پینج لەئەندامانی حزبیان تیرۆر کرد....

کەواتە حزبە کوردیەکان، ئەوەندە خەلکی کوردستانیان ویست کەهیز پەیدا بکەن و ببنە شەریکە بەشی حکومەتی عیراق، واتە ئەوەندە دەنگی خەلك و پە نجەمۆری خەلکیان ویست کەجیگایەك لەحکومەتی عیراقدا بگرن و سەروەت و سامانی عیراق و کوردستان بەشەریکی لەنیوان خۆیاندا دابەش بکەن، کەدەسەلات سابت بوو ئیتر بەچەك وەلامی خەلك دەدەنەوە، ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی پیشتریش کیشەیان لەگەل حکومەتی بەعس هەر ئەمەبوو کەببنە شەریکە بەش، بەلام صدام حسینی مامۆستای حوکمی زاتی ئەم شەریکایەتیەی قبول نەبوو...

ئیتر خەلکی کوردستان ئەبیت بزانن، دەسەلاتداریتیەکی سەرکوتی بۆرژاوازی قەومی و ئیسلامی بەسەر سەریانەوە کورد بیت یان عەرەب، بەشی ئەوان هەر سەرکوت و زیندان و کوشتنەو وەلامی خواستەکانیان بەچەك و تەقەلیکردن دەدریتەوە، ئەمەش بۆ خەلکی جنوب و ناوەراست هەر وایە، وەدەسەلاتەکەی یەکیتی لەپانزە سالی رابردودا تجروبەیەکی گەورەی هەیە لەسەر سەری خەلکی کوردستان و تەنیا ئەم تەجروبەیە دەتوانیت بۆ جنوب و ناوەراست و حکومەتی ئایندەی عیراق بگویزیتەوە! کەوایە بۆ خەلکی کوردستان ریگای دەرچون و رزگاری یەکجاریان لە دەسەلاتداریتی سەکوت و گەندەلی ئیداری حزبە قەومی و ئیسلامیەکان هینانە مەیدانی هیزی خۆیانە لەدەوری بەدیل و ریگاچارەی سکولارو ئینسانی، کەچارەنوس و ئایندەیەکی باشتر دەکاتە نسیبیان، بەغەیری ئەمە چاوەروانیەکیان نە لەدەسەلاتەکەی جەعفەری هەبیت نە لەدەسەلاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی.

2005-8-7